Skills Development Scotland

the National Parent Forum of Scotland

# شاگردێتی لە نەتشێڵ

شاگردێتی بۆ لاوان ڕێگایەکی ناوازەیە بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی لە کاتی کارکردندا – 'پەیداکردن بەدەم فێربوونەوە'.

شاگردێتی هەر وا ڕۆیشتووە کە زیاتر بۆ کار و پیشە کۆنەکانە، بەڵام ئەمە ئیتر لەمەودوا وا نابێت.

شاگردێتییە سکۆتلەندییەکان لەلایەن حکومەتی سکۆتلەندییەوە پاڵپشتی دەکرێن و بەدەنگەوە هاتنی بواری پیشەسازییە لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە لە کارامەییەکاندا هەیە و هەروەها بۆ پێکهێنانی بەندێکی بەهێزتر لە نێوان پەروەردە و خاوەن کارەکاندا.

هەمەجۆرییەکی لە ڕادەبەدەر خراوەتە ڕوو و زۆریشیان لەو سێکتەرانەدان کە کەم و کورتییەکی ڕاستەقینەیان لە بوونی کرێکاری کارامەی گونجاویان هەیە. خاوەن کارەکان دەدان بە سوودەکانی ئەوەدا دەنێن بۆ خۆیان ئەگەر هێزی کاری بەڕاستی هەمەجۆریان هەبێت.

دەرفەتەکانی شاگردێتییە سکۆتلەندییەکان هەلی باش و بەسوود بۆ کەسانی لاو دەرەخسێنن کە خوێندنێك تەواو بکەن لەسەر بنچینەی کارکردن ئامادە کرابێت، بە شێوەیەك کە لەگەڵ پێویستییەکانیان و ئامانجەکانیان و ئومێدەکانیاندا بگونجێت، لە هەمان کاتدا ئەزموونی جیهانی کاریان ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەوە پێ دەبەخشێت.

کەسێکی لاو کە هێشتا لە قوتابخانە بێت یان هەرکات کە قوتابخانەی جێهێشت و کەوتە گەڕان بەدوای بژاردەکانیدا، ئەوا دەرفەتێکی شاگردێتی دەکرێت بۆ ئەو بێت.

ئەم ڕێبەرە هەموو شتێك کە پێویستت بێت لەبارەی دەرفەتەکانی شاگردێتییەوە، پێ دەڵێت، لەبەرئەوە دەتوانیت یارمەتییان بدەیت بیانخەیتە سەر ڕێگای ڕاست بۆ داهاتوویەکی گەش.

سێ جۆر هەن:
**شاگردێتییەکانی بناغە دانان** ئەمانە فێربوون و ڕاهێنان لەگەڵ بابەتەکانی قوتابخانەدا لێك دەدەن
**شاگردێتییە مۆدێرنەکان** ڕاهێنان و کاری بەرامبەر پارە paid work لێك دەدەن
**شاگردێتییەکانی پاش خوێندن تەواو کردن** کاری بەرامبەر پارە paid work و فێربوون تا دەگاتە ئاستی ماستەر، لێك دەدەن

هەر سێ جۆرەکە هەمان ئامانجیان هەیە: ئەو کارامەیی و زانینە بە کەسانی لاو ببەخشن کە بۆ دروستکردنی دواڕۆژێك لەو پیشەیەدا پێویستیان دەبێت کە خۆیان هەڵی دەبژێرن. شاگردەکان بڕوانامەی وا بەدەست دەهێنن کە لەلایەن دامەزراوە پیشەسازییەکانەوە دەدان پیادانراون. دەشتوانن بەردەوام بن لە خوێندنی زیاتر یان ڕاهێنانی باڵاتر و بۆ ڕێژەوی کاری باشتر و بەرامبەر پارەی زیاتر.

**دەست پێکردن**
ماڵپەڕی apprenticeships.scot پڕیەتی لە بیرۆکە و ڤیدیۆ و لێکۆڵینەوە لە حاڵەتی کەسانی لاو کە ڕێگای شاگردێتییان گرتووەتە بەر. هەروەها لیستێکی تازەشی تیادایە بەو دەرفەتانەی لە ناوچەکەی خۆتدا لەبەر دەستن.

شوێنێکی تری باش بۆ دەست پێکردن ماڵپەڕی My World of Work ە. بۆت ڕوون دەکاتەوە خاڵە بەهێزەکان و لای تۆ گرنگەکانت بە بابەتەکانی قوتابخانە و ڕێڕەوەکانی کاری دواڕۆژ بگەیەنێت. هەروەها بیرۆکە و ئامرازی یارمەتیدانی بۆ نووسینی سی ڤی .C.V و پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری و خۆ ئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتنیشی تیادایە.

# شاگردێتییەکانی بناغە دانان

**بڕوانامەی لەسەر بناغەی کار ڕێکخراو بۆ قوتابییانی ناوەندی**

شاگردێتییەکانی بناغە دانان بۆ قوتابییانی قوتابخانە ڕێکخراون، بە گشتی لە پێنجەم ساڵدا دەست پێ دەکەن و بۆ خوێندنی باڵاتر و خوێندن لەسەر ئاستی وڵات دەخوێنن. ئەمە ڕێگایەکی نمونەییە بۆ کەسانی لاو بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون و بڕوانامەیەکیش کە دامەزراوە پیشەسازییەکان لە بوارەکانی سێکتەری پەرەسەندنی سەرەکی دا ددانی پیادا دەنێن.

هەندێك لە دامەزراوە هەرە گەورەکانی سکۆتلەندا لەمەدا بەشدارن، لەوانەش Scottish Water ،NHS و دەستەڵاتە خۆجێییەکان.

ئەمانە ڕێگایەکی زۆر ناوازەن بۆ کەسانی لاو بۆ تاقی کردنەوەی ڕێڕەوێکی کار و بزانن ئایا بۆیان گونجاو و دروستە یان نا.

شاگردەکان بەشێك لە هەفتەی قوتابخانەیان لە کۆلێج (یا فەراهەمکارێکی فێرکاری) و لەگەڵ خاوەن کارێکدا بەسەر دەبەن بۆ ئەوەی ئەزموونی بەسوودی کار و هەروەها بڕوانامەی ددان پیادا نراو لە SCQF ئاستی 6 – هەمان ئاستی فێربوونی ئاستی باڵا Higher - بەدەست بهێنن.

ئەمانە لە باری ئاساییدا تا تەواوبوونیان دوو تا دووساڵیان پێ دەچێت.

**چۆن چۆنی بەڕێوە دەچێت؟**

لە خشتەی وانەکانی شاگردێتی دا پشوو وەرگرتن لە قوتابخانە هەیە، هاوشان لەگەڵ بابەتەکانی تردا کە دەیانخوێنن. ئەم پشووانە، کە بە گشتی چەند پاش نیوەڕۆیەکن لە حەفتەیەکدا کە لە کۆلێجێکی خۆجێیدا (یان لەلای فەراهەمکارێکی فێرکارانە) و لەگەڵ خاوەن کارێکدا بەسەر دەبرێن، هەلی ئەوەیان بۆ دەرەخسێنێت کارامەییەکانی ئەو بوارەی خۆیان هەڵیان بژاردووە، فێریان ببن و پەیوەندییە بەسوودەکانی مەیدانی پیشەسازی پەرە پێ بدەن و ئەزموونی کردەیی شوێن کار بەدەست بهێنن.

تەنانەت ئەگەر ئەم تاقیکردنەوەیە دەریشی بخات کە ئەمە ڕێڕەوی کاری گونجاو و دروست نیە بۆ کەسێك، ئەوا هێشتا سوودی ئەوەی بۆی هەبووە کە بڕوانامەیەکی ددان پیادانراوی لەلایەن دامەزراوە پیشەسازییەکانەوەی بەدەست هێناوە و کارامەیی گشتیی بەدەست هێناوە، وەك پابەند بوون بە خشتەی کاتەوە، گرفت چارەسەرکردن و لە تیمدا کارکردن – ئەو کارامەییانەی هەر خاوەن کارێك ئارەزوو دەکات لەو کەسانەدا هەبن کە کاریان بۆ دەکەن.

**کێ پارەکەی دەدات؟**

هیچ تێچوونێك نایەتە سەر شاگرد یان خێزانەکەی.

**شاگردێتیی بناغە دانان دەتوانێت بە کوێت بگەیەنێت؟**

پشتئەستوور بە کارامەیی نوێ، متمانە بەخۆبوونی زیاتر، و بڕوانامەیەکی ددان پیادانراو لەلایەن دامەزراوە پیشەسازییەکانەوە و تۆمارێکی ڕەوتی ئەزموونی بەسوود، کەسی لاو بە تەواوکردنی شاگردێتیی بناغە دانان بژاردەی نایابی لەبەردەم دەبێت.

- دەتوانن وەرگیرانێکی خێرا لە شاگردێتیی مۆدێرن بەدەست بهێنن، ئەگەر لە بواری هەمان بابەتی شاگردێتیی بناغە داناندا بێت. ئەگەر لە بابەتێکی جیاوازدا بێت، ئەوا پێشتر کارامەیی فێربوونی لەسەر کاری بەدەست هێناوە، کە ئەمەش لەلای ئەو خاوەن کارانە شتێکی باشە کە شاگردی مۆدێرن لای خۆیان دەخەنە سەر کار.
- دەتوانن بەردەوام بن لە خوێندندا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەك یان پلەیەك: زانکۆو کۆلێجە سکۆتلەندییەکان شاگردێتیی بناغە دانان بە هاوتای باڵا Higher دەبینن.
- دەتوانن دەست بە شاگردێتییەکی پاش تەواوکردنی خوێندن دەست پێ بکەن و لەلای خاوەن کارێك بچنە سەر کار لە هەمان کاتیشدا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەك بخوێنن.

- دەتوانن بچنە بازاری کارەوە: ئەزموونی بەسوودیان و ئامادەییان بۆ کارکردن و کارامەییە نوێیەکان وا دەکات سی ڤییەکانیان باش دیار بن و بیانخاتە پێش بەربژاردەکانی ترەوە.

شاگردێتییەکانی بناغە دانان لە ڕستێك بابەتدا دەست دەکەون کە پەیوەندییان بە سێکتەرەکانی گەشەوە هەیە:

- کارامەییەکانی بزنس
- ئەندازیاریی شارستانی
- میدیای دیجیتاڵ و داهێنەرانە
- ئەندازیاری
- خزمەتگوزارییە داراییەکان
- پشتیوانیی هاردوێر و سیستەمی کۆمپیوتەری
- تەکنۆلۆجیا زانستییەکان
- خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرپەرشتیی تەندروستییانە
- خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان – منداڵان و لاوان
- پەرەپێدانی سۆفتوەیر
- ژمێریاری
- تەکنۆلۆجیاکانی خواردن و خواردنەوە

## شاگردێتیی مۆدێرن

**فێربوون لەسەر کار، لە کاتی بەدەست هێنانی بڕوانامە و پارە پێدران بەرامبەر بە کار**

شاگردێتییە مۆدێرنەکان بۆ ئەوە هەر کەسێك دانراون کە تەمەنیان لەسەروو 16 ساڵەوە بێت و وازیان لە قوتابخانە هێنابێت.

شاگردە مۆدێرنەکان کارگەرن، لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر کارەکانیان پارەیان پێ دەدرێت. لە ڕێگای لێکدانی کار و ڕاهێنان – لەکاتی- کار دا، کارامەیی و ئەزموونی بەبەها لەخۆیاندا بنیات دەنێن، چونکە بەرامبەر بە بڕوانامەیەکی جێ باوەڕی ددان پیادانراو لەلایەن دامەزراوە پیشەسازییەکانەوە کار دەکات.

زۆربەی شاگردە مۆدێرنەکان گرتنەبەری ئەم ڕێگایە ڕادەسپێرن.

**چۆن چۆنی بەڕێوە دەچێت؟**

شاگردێتییە مۆدێرنەکان وەك هاوبەشییەك لە نێوان خاوەن کارێك و فەراهەمکارێکی خۆجێی ڕاهێنان و پەرەپێدانی کارامەییەکانی سکۆتلەندا Skills Development Scotland دا بەڕێوە دەچن. سێ پێکهێنەری بنچینەییان هەیە:

- بڕوانامەیەکی پەیوەندیدار (SCQF 5 تا 11)
- کارامەییە کرۆکییەکان
- ڕاهێنانی تایبەت بە پیشەسازی

بە گشتی ڕاهێنان لە شوێنی کاردا دەبێت، بەڵام دەشکرێت فێربوون لە دەرەوەی شوێنی کاردا لە بنکەی ڕاهێنان یان لە کۆلێجیشدا ئەنجام بدرێت.

**کێ پارەکەی دەدات؟**

پەرەپێدانی کارمەییەکانی سکۆتلەندا Skills Development Scotland لە دانی تێچوونەکانی ڕاهێنانادا بەشدار دەبێت و خاوەن کاریش پارە بە شاگردی مۆدێرن دەدات.

**شاگردێتیی مۆدێرن دەتوانێت بە کوێت بگەیەنێت؟**

به تەواوکردنی ڕاهێنانیان و بەدەستهێنانی بڕوانامەکانیان کە دامەزراوە پیشەسازییەکان ددانیان پیادا دەنێن، شاگردە مۆدێرنەکان لە بارێکی زۆر نایابدا دەبن بۆ پێکەوتنیان لە ڕێڕەوی کاریاندا.

دوایین ئامار و ژمارەکان لە دەزگای پەرەپێدانی کارامەییەکانی سکۆتلەندا کە لەوانەی شاگردێتییەکەیان تەواو کردووە:

- 91% لەکاردان یان بەردەوامییان بە خوێندنیان داوە.
- سێ لەسەر چواریان لەلایەن هەمان خاوەن کارەوە هێڵراونەتەوە و کاریان لا دەکەن.
- چوار لە پێنجیان لانی کەم یەك شێوە لە بەرەوپێشچوونی ڕێڕەوەی کاریان بەخۆوە دیوە، وەك کارکردن بەرامبەر پارەیەکی زیاتر یان ئەنجام دانی کارێك کە بەرپرسیارێتییەکی زیاتری هەبێت.

دەشێت شاگردە مۆدێرنە سەرکەوتووەکان بشتوانن وەرگیرانێکی خێرا بەدەست بهێنن بۆ شاگردێتییەکی پاش تەواو کردنی خوێندن لە بابەتێکی پەیوەندی داردا.

دەوروبەری 80 جۆری جیاوازی شاگردێتیی مۆدێرن هەن. ڕوانین لە کارامەییەکان و خاڵە بەهێزەکان و گرنگی پێدانەکان و تەماکان و پەروەردە یارمەتیی لاو دەدات شاگردێتییەك بدۆزێتەوە کە بۆی گونجاو بێت. دەتوانن ڕێڕەوی کاریان لە شاگردێتییەکەوە دەست پێ بکەن لە بوارەکانی وەك:

- ژمێریاری
- سەرپەرشتیی منداڵان
- بنیاتنان
- پیشەسازییە داهێنەرەکان
- ئاسایشی ئەلیکترۆنی
- بەبازاڕکردنی دیجیتاڵ
- ئەندازیاری
- دارایی
- سەرپەرشتیی تەندروستی
- تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT) و دیجیتاڵ
- وزەی نوێ بووەوە
- زانست
- وەرزش
- کوتاڵ و جل و بەرگ

## شاگردێتییەکانی پاش تەواو کردنی خوێندن

**ڕێگایەکی نوێ بۆ کارکردن و فێربوون و پارە پەیداکردن**

شاگردییەکانی پاش تەواوکردنی خوێندن لەو کارانەدایە کە بەرامبەر بە پارە دەکرێن paid jobs و زۆربەی کاتیان لە فێربووندا لەسەرکار بەسەر دەبەن، بەڵام لە زانکۆ یان کۆلێجیش قوتابین.

شاگردێتییەکانی پاش تەواو کردنی خوێندن ڕێگا لەبەردەم لاواندا واڵا دەکەن کە ئەوەی فێری بوون، ڕاستەوخۆ بخەنە کارەوە و جێبەجێی بکەن، گیروگرفتەکان لە پرۆژەی ڕاستەقینەدا چارەسەر بکەن، لە جیهانی ڕاستەقینەدا.

ئەوانە لەلایەن دامەزراوە پیشەسازییەکانەوە و بۆ دامەزراوە پیشەسازییەکانیش داڕێژراون، واتە شاگردەکان دەتوانن دڵنیا بن ئەوەی کە فێری دەبن پەیوەندیدارن و بۆ کارەکانیان دروستن.

لە کاتی ئێستادا لە SCQF ئاستی 8 (DipHE) دا بەردەستن تا دەگات بە SCQF ئاستی 11 (ئاستی پلەی ماستەر).

شاگردێتیی پاش تەواو کردنی خوێندن دەکرێت هەنگاوی داهاتوو بێت لە پاش شاگردێتیی بناغە دانان یان مۆدێرن لە هەمان بواری بابەتدا.

**چۆن چۆنی بەڕێوە دەچێت؟**
شاگردەکان زۆربەی کاتیان لەگەڵ خاوەن کارەکانیاندا بەسەر دەبەن و ئەوەشی کە دەمێنێتەوە لە زانکۆ یان لە کۆلێج. هەموویان وەك هەر قوتابییەکی تر دەستیان بە هەمان هەموو ئەو دام و دەزگایانە و ئەو سوودانە دەگات کە بۆ قوتابیی تریشن.

خاوەن کار و زانکۆ بڕیار لەسەر چۆنیەتی کەرت کردن بەسەر کار و فێربووندا دەدەن. لە هەندێك باردا شاگردەکان حەفتەی ڕۆژێك بۆ هۆڵی خوێندن دەچن. لە باری تردا، دەشێت فێربوون لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە (ئۆنلاین) بێت، یان بلۆکی خوێندن بێت بۆ چەند حەفتەیەك لە ساڵەکەدا.

**کێ پارەکەی دەدات؟**

کۆلێج یان زانکۆ تەواوی پارەکەی بۆ دابین کراوە و شاگردەکانیش، وەك کرێکار مووچە وەردەگرن.

**شاگردێتیی پاش تەواو کردنی خوێندن دەتوانێت بە کوێت بگەیەنێت؟**

کۆرسەکان و بڕوانامەکان لەلایەن دامەزراوە پیشەسازییەکانەوە و بۆ دامەزراوە پیشەسازییەکان داڕێژراون کە ئامانجیان دروستکردنی کرێکاری بەباشی ڕاهێنراو و خاوەن کارامەیی باڵا بن. هەموو شتێك کە شاگردێکی پاش تەواو کردنی خوێندن فێری دەبێت بە ڕێڕەوی کاری دواڕۆژیانەوە پەیوەندی دار دەبێت.

**زانیاریی زیاتر**

سەردانی apprenticeships.scot بکە بۆ هەموو دوایین هەلەکانی کار و هەروەها بۆ ئامۆژگاری و زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی دەست پێکردن.

ڕاوێژکاری ڕێڕەوەکانی کاری سەر بە قوتابخانە یان مامۆستای ڕێنمایی کاریش وردەکاریی زیاتریان لەبارەی هەر سێ جۆرەکەی شاگردێتییەوە لەلایە.

تا ئێستا یانزدە کۆرس لە ژمارەیەك کۆلێج و زانکۆدا بە هەموو سکۆتلەندا دا هەن کە دەتوانرێت لێیان هەڵبژێردرێت:

- ئەندازیاری: ئامێرسازی، پێوانە و کۆنترۆڵ (SCQF ئاستی 10)
- بەڕێوەبردنی کار: خزمەتگوزارییە داراییەکان (SCQF ئاستی 10)
- ئەندازیاریی شارستانی (SCQF ئاستی 10)
- بنیاتنان: دەوروبەری بنیات نراو (SCQF ئاستی 10)
- تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT): ئاسایشی ئەلەکترۆنی (SCQF ئاستی 10)
- تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT): ئاسایشی ئەلەکترۆنی (SCQF ئاستی 11)
- بەڕێوەبەرایەتی بزنس(SCQF ئاستی 10)
- تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT): پەرەپێدانی سۆفتوێر
- تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT): بەڕێوەبردن بۆ بزنس
- ئەندازیاری: دیزاین و دروست کردن
- ئەندازیاریی شارستانی

## ئەو لاوانەی کە پێویستییان بە پشتیوانیی زیاتر هەیە

یارمەتی بۆ ئەو لاوانە هەیە کە کەم توانایییان هەیە و دەیانەوێت لە شاگردێتی دا بەشدار بن، و دەشێت یارمەتیی زیادە بیانگرێتەوە، یارمەتیی وەك بەخششەکانی دەستڕاگەیشتن بە کار Access to Work. هێماکانی دوو نیشانەکە (کە ئێستا بە Disability Confident ناسراون) لەسەر هەلە بەردەستەکانی کار لەسەر ماڵپەڕی apprenticeships.scot واتایان وایە کە بەربژاردەکان ئەگەر خۆیان بە کەم توانا دەستنیشان کردبێت و لانی کەمترینی مەرجەکانی بەدەستهێنانی هەلی کاریان تیادا بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنیان بۆ فەراهەم دەکرێت.

## ماڵپەڕی بەسوود

Apprenticeships.scot - www.apprenticeships.scot

My World of Work جیهانی کاری من- www.myworldofwork.co.uk

Skills Development Scotland پەرەپێدانی کارامەییەکانی سکۆتلەندا-
www.skillsdevelopmentscotland.co.uk

EUROPE & SCOTLAND
European Social Fund
Investing in a Smart, Sustainable and Inclusive Future